مالیکی: عێراق ئامادەیە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا بکات

نوری مالیکی سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا ئەمڕۆ دوشەممە ئامادەیی عێراقی بۆ بەرگریکردن لە پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا دوپاتکردەوە و رایگەیاند، عێراق سیاسەتێکی هاوسەنگ پەیڕەو دەکات لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەمو وڵاتانی ناوچەکە.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەکەی، نوری مالیکی ئەمڕۆ پێشوازی لە ڤیکتۆریا تایلۆر جۆگری یاریدەدەری پێشوی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کردوە، و لە میانی دیدارەکەدا باسیان لە پێشهاتەکانی دێخی ناوچەکە و کاردانەوەکانیان لەسەر عێراق کردوە.

نوری مالیکی لەو دیدارەدا ڕایگەیاندوە، "عێراق و ئەمریکا پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە، هەردو وڵات ڕێککەوتنێکی چوارچێوەی ستراتیژییان واژۆکردوە کە ئامانجی بەرزکردنەوەی هاوکاری هاوبەش و پاڵپشتیکردنی پرسەی بنیاتنانی تواناکانی عێراقە لە بوارە جیاجیاکاندا"، داوایکرد لە ئایندەیەکی نزیکدا کارابکرێت.

نوری مالیکی "ئامادەیی عێراق بۆ بەرگریکردن لە پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا" دوپاتکردەوە و ڕونیشیکردەوە "تێگەیشتنمان لە پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە ڕێگەی بەردەوامکردنی هاوبەشی ئابوریيەوە دێت بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی دو گەلی دۆست".

نوری مالیکی ئاماژەی بەوەشکرد، "عێراق سیاسەتێکی هاوسەنگ پەیڕەو دەکات لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەمو وڵاتانی ناوچەکە، ئەو دیالێگانەشی کە لەلایەن هێزە نیشتیمانییەکانەوە ئەنجامدەدرێن ئامانجیان تەواوکردنی مەرجە دەستوریيەکانی پەیوەست بە قۆناغی داهاتوە لە پێکهێنانی حکومەتێك کە توانای جێبەجێکردنی داواکارییەکانی گەلی عێراقی هەبێت".

لای خۆیەوە، ڤیکتۆریا تایلۆر جەختی لە "گرنگی ڕۆڵی سەرەکی عێراق لە ناوچەکەدا کردەوە، ئاماژەی بەوەدا کە بەشدارێکی کارایە لە هەوڵەکان بۆ گەیاندنەوەی سەقامگیری و بەرزکردنەوەی ئاسایشی ناوچەکە".